# قازانجی ناسازگاری و ململانێ

**لیبرالیسم و دموکراسی**
**ن: نۆربێرتۆ بۆبیۆ**
**لەفارسیەوە: عەتا جەمالی**

هۆمبوڵت لەنووسینەکانی خۆیدا، ئازادیی تاك بە تاکە ئامانجی دەوڵەت دێنێتە هەژمار و دەڵێ دەوڵەت لەخۆیدا نەک ئامانج، بەڵکوو کەرەستەیە. جگە لەوەش نووسراوەکانی ئەو ناواخنی تریشی هەن کە خوردبوونەوە لێی بۆ تاوتوێی ئەندێشەی لیبراڵ لە هەر روویەکەوە بەتایبەت لەلێدوان لەسەر باسی پێداهەڵکوتنی لیبراڵەکان بەباڵای (فرەچەشنی)دا جێی بایەخە. هۆمبوڵت لەرەخنەیەکی وردبینانە لە(دەوڵەتی خێرخواز proridential state واتا دەوڵەتێك کە بە رواڵەت بڕادە نیگەرانی "ئاسوودویی" شارۆمەندەکانی خۆیەتی، بەم شێوەیە دەدوێ کە: دەستتێوەردانی دەوڵەت لە دەرەوەی سنووری دیاریکراوی کارکردەکەی، واتە هەمان پاراستنی نەزمی ناوەکی و دەرەکی دەچێت بەرەو یەك چەشنە بوونی رەفتاری تاکەکان لەکۆمەڵگادا و بەم شێوەیە خنکانی فرەچەشنیە سروشتییەکان لەکەسایەتی و خوو و رەفتاریاندا ( بەڵگاندنەکانی هۆمبوڵت لەسەر رەخنە نوێیە نێو لێبرالیەکان لە دەرەنجامە خەساربارەکانی دەوڵەتی ئاسوودەی تێپەڕیوە). حکومەتەکان بە پێچەوانەی تاکەکان بەشوێن ئاسوودەییەکەوەن کە دوربێ لە شێواوی، بەڵام ئەوەی مرۆڤ گرتوویەتەبەر و دەبێ بیگرێتەبەر شتێکی سەر لەبەر جیاوازە لەگەڵ ئەو واتا فرە چەشنی و چالاکی)[1] رەنگە بەجێ بێت کە لامان وابێت ئەوانەی جیا لەمە بیردەکەنەوە مرۆڤ وەك ماشێن سەیردەکەن (بەراستی پەرچەکرداری هۆمۆڵت لەبەرامبەر قەفەسی ئاسنین)ی دەوڵەتی بروکراتیکی مۆدێرنداچ دەبوو؟) ئەو لەدرێژەدا دەڵێ: ( لەم رووەوەیە کە لە زۆرینەی دەوڵەتاندا هەر دەیەیەك زیاتر لە دەیەی رابردوو ژمارەی پلە و ئاستی کارەکانی دەوڵەت زیاتر دەبێت، کەچی ئازادی ژێر دەستەکان هەربەرورادەیە کەمتر دەبێتەوە.)[2] ئەو دەگاتە ئەو ئەنجامە: ( بەم شێوەیە لەم رێرەوەدا تاك دەبێتە قوربانیی

[1] . Ibid,p.٢٤
[2] . Ibid.,p٣٤

هەلومەرجەکان و سەرەتاییترین ئیختیارە کانیشی دەبێتە فیدایی بەدەستهێنانی ئەنجامی پوزتیڤ.)[1]
بەم شێوەیە، پشتیوانی لە تاك لە بەرانبەر بانگەوازەکانی دەوڵەت لە بارەی دەستەبەر کردنی ئاسوودەیی ئەو نەک تەنیا لە رێگەی باسکردن لەسەر بەرژەوەندییە مادییەکانی تاك بەڵکوو بەهەماس شێوە بەکارکردن لەسەر بابەتە ئەخلاقییەکانیش بەرێوەدەچێت. هەڵبەت ئەمرۆکە ئەوەند خوومان گرتووە بە تەنیا رەخنەی ئابووری لە دەوڵەتی ئاسوودە کە ئیتر سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە دەستمایە سەیرە ئەخلاقییەکانی لیبرالیزمی سەرەتایی و وەبیرهێنانەوەی رەخنەکانی لە باوکسالاری بەلامانەوە دژوارە، رەخنەیەك کە پشتیوانی لە سەربەخۆیی تاك بە سەرەکیترین هۆکاری وجوودیی raison deter خۆی دادەنێت. لەم روانگەیەوە رێسەیەکی هاوبەش هۆمبۆلت و کانت و کۆنستان پێکەوە گرێدەدات، تەنانەت لەلای ئیسمیتیش کە بەر لەوەی ببێتە ئابووریزان، ئەخلاقگەرا بوو و ئازادی بەهایەکی ئەخلاقی هەبوو.
زێدە لەسەر ململانێی فرەچەشنیی تاکەکان و هاوچەشن کردنەوەی دەوڵەتی، تەوەرێکی نوێ و تایبەتی تریش لە نەندێشەی لیبراڵدا دەستدەکەوێ و ئەویش داکۆکی کردن لەسەر سوود بەخشی ناسازگاری و ململانێ لەروانگە سوننەتییەکانی لەسەر بنەمای رەسەنایەتی گشتدا زیاتر لە هەرشتێك رێزیان لە یەکبوون دەگرت، سازگاری، تەنانەت بەزۆرە ملێش، شتێکی پەسندکراو بوو، پێویست بوو بەشێوەیەکی سیستماتیک و رێکخراو گوێرایەلیی گشت بکات. ناسازگاری وەك هۆکاری تێکچڕژان و هەرەسهێنانی کۆمەلایەتی رەتدەکراوە. جیاوەکەری هاوبەشی هەموو لایەنە فکرییەکانی نەیاری روانگەی رەسەنایەتی گشت، داکۆکیی زێدە لە جارانە لەسەر قازانجی ململانێ نێوان تاکەکان و گروپەکان(تەنانەت لە نێوان نەتەوەکاندا و لە ستایشی ململانێ و رووبەروووبوونەوەدا وەك پەروەردەکاری شارەزاییەکانی خەڵك)ە. ئەمانە وەها ململانێیەك بەمەرجی پێشکەوتنی تێکنۆلوژی و ئەخلاقی مرۆڤ دەزانن و لەو باوەرەدان کە وەها پێشکەوتێك تەنیا لە ریگەی ململانێی بۆچوون و بەرژەوەندییە جیاوازەکان و هەروەها ناسازگاری و ململانێی لە پانتا جۆراوجۆرەکاندا بەرهەمدێت، ناسازگارییەك کە لە قەڵمرەوی بەڵگاندن و بۆچووندا راستیخوزایی مرۆڤ بەرزدەکاتەوە، لە رکەبەریی ئابووریدا لە ئاراستەی دەستەبەرکردنی زیاترین ئاسوودەیی کۆمەلایەتیدایە و لەقەڵەمرەوی

[1]. Ibid.,p٣٥

سیاسەتدا بە بژارکردنی لێوەشاوەترین کەسەکان بۆ حکومەتکردن کۆتایی دێت. لەسەر بنەمای ئەم چەمکە گشتییانە سەبارەت بە مرۆڤ و مێژووەکەی سەیرنییە کە دژبەرانی روانگەی رەسەنایەتی گشت ئازادیی تاك- واتە رزگاربوون لەزنجیرەکانی سوننەت و نەریت و ئۆتۆرنیەی دینی و نادینی کە چەندین سەدە تاکەکان گرفتاری بوون- بە مەرجی بە ئەنجام گەیشتنی (فرەچەشنی) لە کەسایەتی مرۆڤەکاندا دێننە ئەژمار، شتێك کە بە گومانی ئەمانە نەک تەنیا نەگونجاو نییە لەگەڵ ناسازگاری و ململانێدا بەڵکو ناسازگاری و ململانێ دەگەیەنێتە لووتکەی خۆی.

کانت لەتێزەکەی خۆی دا بەناوی( بیرۆکەی مێژووی گشتی لەروانگەیەکی جیهانیەوە) ١٧٨٤ بە ئاشکراترین شێوە باوەڕی خۆی دەدرکێنێ: دژ بەرایەتی antagonism ( کەرەستەیەکە کە سروشت بۆ پەروەردەکردنی گشت تواناییەکانی خۆی سوودی لێوەردەگرێت.)[١] مەبەستی کانت لە(دژبەرایەتی) هۆگرایەتیی مرۆڤە بۆ رکابەرایەتی لەگەڵ دیتراندا بۆ مەبەستی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، هۆگرییەك کە گشت تواناکانی تاك وەگەڕ دەخات، رێنوێنی دەکات بۆ زاڵبوون بەسەر حەزی سستی و تەوەزەلی و هانی دەدات بۆ هەوڵدان بۆ سەرچڵبوون لەناو دیتراندا. رەنگە بگوترێ داوەرییەکەی کانت لە بەراوردی نێوان کۆمەڵگەی دژبەر و کۆمەڵگەی هاوئاهەنگدا لە روانگەی ئەخلاقی و ئابوورییەوە کاکڵی ئەندێشەی لیبراڵ بەروونی نیشان دەدات.

لە نەبوونی دژبەرایەتی کۆمەلایەتیدا، گشت تواناکانی مرۆڤ لە قۆناغی سەرەتایی خۆی و لە شوانکارەییدا pastoral دەمێنێتەوە و تاکەکان وەك مەڕە دەستەمۆکراوەکانی شوان هیچ شتێکی بەنرخ بۆ ژیانی خۆیان بەدەست ناهێنن.) لەسەر بنەمای ئەم حوکمە پڕکێشە و هەرایەیە کە کانت بە ئاوەها هۆنراوەیەکەوە ستایشی مەبەستی ئافراندن دەکات.

ستایشی سروشت دەکەم، لەبەر سەرکەشی رۆحە ئێرەیی هێنەر و لەخۆباییکەرەکەی لە رکەدا و هەروا حەزی تێریهەڵنەگری خاوەنداری و فەرمانڕەواییەکەی! کە بەبێ ئەو توانایییە زاتی و بەرزەبالاکانی مرۆڤ بەنەپشکووتوویی و پەروەردە نەکراوی دەمێنێتەوە.)[٢]

---

[١]. Ikant,Idee zu einr allgemeinen Geschte in weltburger licher Absicht (١٧٨٤

[٢] Ibid.

کەواتە لیبرالیزم وەک تیۆرییەك بۆ دەوڵەتی سنووردار دەوڵەتی مافەکی لە بەرانبەر دەوڵەتی رەهاداو دەوڵەتی کەمینە لە بەرانبەر دەوڵەتی زۆرینەدا دەدانێ. تیۆریی پێشڤەچوونی لەسەر بنەمای دژبەرایەتی، ململانێیەکی تریش دێنێتە ئاراوە.

ململانێی دەوڵەتە ئازادەکانی ئورووپا و حکوومەتە سەرەڕوکانی رۆژهەلات.

(سەرەرۆیی) وشەیەکی سەردەمی کۆنە کە لەگەڵ مانا تەسەلەکەی خۆیدا هەمیشە واتایەکی پەڕاوێزیی و زۆر جەدەلاویشی هەبووە. بە پەرەسەندنی هزری لیبراڵ، وشەی (سەرەڕۆیی) مانایەکی نیگەتیڤی تریشی بەخۆوەگرت، لەبەر ئەوەی دەوڵەتە سەرەرۆکان تەواوی خەڵك دەخنە ژێر ئۆتۆریتەی خۆیانەوە. (هەروەك ماکیاڤیلی ١٥٢٧- ١٤٦٩)سەبارەت بە سەرلەبەری پاشایەتی تورك دەڵێ: ( تەنیا ئەمر دەکات و دیتران هەموان خزمەتکاری بارەگان.)[١] یان هەروەك هیگل (١٨٣١ – ١٧٧٠) سەبارەت بە حکوومەتە سەرەڕۆکانی رۆژهەلات: تەنیا یەك کەس ئازادە.)[٢] بەم هۆیە، خەڵکی رۆژاوا هۆگری بێجموجۆڵی و سستین، یاسای پێشکەوتنی بێسنوور سەبارەت بەمانە راست دەرناچێ و تەنیا لەسەر ئورووپای شارستانی جێدەگرێ. لە وەها روانگەیەکەوە، چەمکی دەوڵەتی لیبراڵ جگە لە دیاریکردنی گوتەزایەکی سیاسیی گشتی بە پێوەرێکیش بۆ راڤەی میژوو دێتە ئەژمار.

١ . Nmachiavelli, the prince trans.w.k. Marriott,Dent, London ١٩٥٨,p.٢٢

٢ . Gw.f.Hegel,The philosophy of istory,trans.J.sibree Dover,London ١٩٥٦